# سوپاس و پێزانین
# بۆ هاوخەمی و بەشداریتان لە پرسەی شەهیدی کەرکووک مستەفا گەرمیانی

**مەهاباد قەرەداغی**

لە کردەوە تیرۆریستییەکەی 16 –7–2007 ی شاری کەرکوک دەیان ڕۆحی پاک هەڵفڕێندران و سەدان جەستەی چالاک پەکخران و دڵ و دەروونی هەزاران خۆشەویست و دۆست و هاوڕێ وکەس و کاریان پڕ بوو لە جەخار و خەم. (مستەفا گەرمیانی) هاوڕێ و هاوسەری منیش لە نێو ئەوانەدا بوو کە لەم کارەساتە دڵتەزێنەدا و لە نێو بنکەی ڕووناکبیری و بارەگای هەفتەنامەی (کەرکووکی ئەمڕۆ) لەناو جەرگەی کەرکووک ڕۆحی بە کوردستان سپارد. مستەفا گەرمیانی تا پلەی عەشق کەرکووکی خۆش دەویست، بۆیە تەنها لە نێو دڵەئاگرینەکەی کوردستاندا دەحەوایەوە و بەوپەڕی عەشقەوە لەوێ کار و خەباتی دەکرد و لە پێناوی کەرکووکدا بەپێوە شەهید بوو.

باوەڕ و هۆشیاری ئێمە لە هەرچی ئاستێکیشدا بێت، مەرگی ناکاو و ناوادەی کەسە هەرە خۆشەویستەکانمان تا سەرئێسقان دەمانئێشێنێ و هەست و دەروونمان بریندار دەکات. شەهیدبوونی مستەفا گەرمیانیش کە شانزەساڵ هاوسەر و بیست و حەوت ساڵ هاوڕێیەکی دڵسۆزم بوو، جگە لەوەی باوکێکیکەموێنە بوو بۆ کچەکەمان، بوومەلەرزەیەک بوو دەروون و بوونمی هەژاند. لەم ساتە هەستیارانەدا بەتەنگەوەهاتن و بەشداری هاوڕێ و دۆست و دڵسۆزان لەو خەمە گەورەیە، بڕێک لە ئازارەکان کەم دەکاتەوە و هەندێ لە برینەکانی دەروون سارێژ دەکاتەوە، بۆیە دەمەوێ لە ناخی دڵمەوە سوپاستان بکەم ئازیزانم کە لەو کۆست و کارەساتەدا هاوهەستی خۆتان دەربڕی و لە هەموو شارەکانی کوردستانەوە و لە هەموو کیشوەر و وڵاتەکانی جیهانەوە، لە دوور و لەنزیکەوە بە شەپۆلی واژە و وتەی بەنرخی هاوخەمی خۆتان، وزەی پاکتان بۆ دەناردم و ڕۆح و دەروونی منیش بە سوپاسەوە لێی وەردەگرتن و دەبوو بە مایەی ئارامی دەروونم.

سەرەتا سوپاس و پێزانین بۆ بەڕێز سەرۆک مەسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان کە بە نوێنەرایەتی بەڕێزیان کاک نیهاد بارزانی لە هەولێر بەشداری لە پرسەکەمان کرد. هەروەها سوپاسی بێپایان بۆ سەرۆکی حکومەتی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کە زۆر دڵسۆزانە و هەر لە ساتەکانی سەرەتاوە هاوخەمی و پشتیوانی خۆیانی دەربڕی. میحنەتەکان ڕاستەقینەترین پێوەرن بۆ هەڵسەنگاندنی ناواخنی مرۆڤەکان. سوپاس بۆ وەفاداریتان.

سوپاس و پێزانین بۆ ئەو هەموو هاوڕێ خۆشەویستانەم کە لە ستۆکهۆڵم هەر بە زانینی هەواڵەکە وەک بروسکە گەیشتنە لام، لە کاتێکدا کە من و شاکاری کچم بە مەبەستی پشوودانێک لە سوێدبووین و لەناکاو دڵمان بەو هەواڵە تەزێندرا. تێکرای ئەو ئازیزانە کە دەیان کەسن تا کاتی بەجێهێشتنی سوێد نەیانهێشت چرکەیەک تەنیا بین، وێرای سەدانی تر کە لە شارەکانی دیکەی سوێد و وڵاتانی دیکەی ئەورووپاوە بەردەوام بە تەلەفۆن هاوهەستی خۆیان دەردەبڕی. سوپاس و پێزانین زۆر کەمە بۆ ئەو هەموو ئەرک و ماندووبوونەی کە هەردوو هاوڕێی خۆشەویستم ڕووناک شوانی و کوێستان داودی لەگەڵ مندا کێشایان و نەیانهێشت بەسەر ئەو کۆستەدا بە تەنیا بگەڕێمەوە بۆ کوردستان و هاوسەفەری دووروودرێژترین سەفەری خەماوی ژیانم بوون و دە

ڕۆژ لە ستۆکهۆڵم و لە کەرکووک و لە هەولێر بەردەوام لەگەڵما بوون.
سوپاس و پێزانین بۆ دەیان هاوڕێی هێژا کە لە فڕۆکەخانەی هەولێر کاتژمێر دوازدەی شەو پێشوازیان لێکردم و وره و وزەیان پێبەخشیم، ناویان لە بیرمدا تۆمارە. هاوخەمی و بەتەنگەوەهاتنی بەردەوام و ڕۆژانەی برای ئازیزم کاک تەها بەرواری هی ئەوە نییە لەبیر بکرێت. تامان شاکر و عەدالەت عومەر و کاک قاسم کوردی و کاکە زاهیر ڕۆژبەیانی و فەوزیە خان و هەڵکەوت زاهیر و ڕێواس ئەحمەد و ئەحمەد ئەسکەندەری و ڕێبوار ڕەشید و ناسر نەسیمی، ئەرکی زۆریان کێشا، زۆر سوپاسیان دەکەم. پێم خۆش بوو یەک بەیەک ناویان ببەم و لەبەر زۆری ژمارەکە ناکرێ هەزاران ناو ڕیز بکەم، وەلێ ناویان لە نێو دەفتەری بیرمدا تۆمارە و پێزانینم هەیە بۆ تێکڕای ئەوانەی بە شێوەیەک لە شێوەکان هاوبەشییان لە خەمی ئێمە کرد و ئەرکیان لەگەڵ کێشاین.

سوپاس بۆ ئەو شاعیر و نووسەر و ڕووناکبیر و هونەرمەند و ڕۆژنامەنووسانەی کە ژمارەیان لەهەزار تێدەپەڕێ و ڕاستەوخۆ لە پرسەکەدا لە کوردستان بەشدارییان کرد، هەروەها بۆ ئەو سەدان ئازیزەی لە دوورەوە و لە چەندین وڵاتی ئەوروپاوە، لە کەنەدا و ئەمریکا و ئۆستڕالیاوە بە بروسکەی ماتەمینی بە ئی مەیل و بە تەلەفۆن بەسەریان کردمەوە. هەروەها سوپاسی تایبەت بۆ ئەو خۆشەویستانەی بە وتاری تایبەتی بە کوردی و بە عەرەبی خەمی خۆیان بۆ مەرگی ناوادەی مستەفا و خەمی گەورەی ئێمە دەربڕی. لە نێو هاوڕێیانی عەرەبیش بەشداری هەردوو هاوڕێی ئازیز یاساناس و نووسەری ناسراو دکتۆر مونزر ئەلفەزڵ و قازی مەحەمەد ئەلعرێبی سەرۆکی دادگای باڵای تاوانەکان لە یاد ناکەم.
سوپاس بۆ سەرنووسەر و ستافی ئەو ڕۆژنامە و هەفتەنامە و گۆڤار و ماڵپەڕە کوردی و عەرەبییانەی کە پرسەنامەی تایبەتیان بۆ نووسین و بۆ ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ لە پرسەکەدا ئامادە بوون. سوپاس بۆ وەزیری ناوخۆ، وەزیری ڕۆشنبیری، سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، یەکێتی نووسەران، کوردستان تیڤی. بۆ ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تیڤییەکانی سوید، بۆ ئەو ڕادیۆ و کەناڵانەی کوردستانیش کە پرسەنامەی خۆیان ئاراستەکردین.
سوپاس بۆ پارێزگاری هەولێر و ئەو وەزیر و ئەندام پەرلەمان و فەرماندە و سیاسەتمەدارانەی کە بەشداری پرسەکەیان کرد، هەروەها بۆ ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان کە بە هاتن و بە بروسکەی ماتەمینی بەشدارییان لەگەڵ کردین. سوپاس بۆ ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە بەشدار بوون لە خەممان، بۆ ئەو ڕێکخراو و سەنتەر و ناوەند و دەزگا ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و فیکرییانەی کە بە هاتنی نوێنەریان یان بە بروسکە بەشدارییان لەگەڵ کردین. لە ئێستاشەوە سوپاس بۆ ئەو کەس و کەسایەتییانەی کە درەنگ بە هەواڵەکە دەزانن و لە داهاتوودا بەسەرمان دەکەنەوە و هاوخەمی خۆیان دەردەبڕن.

زۆر لە ئازیزان بە وشەکانیان نیگەرانییان بەرامبەر بە خۆم و قەڵەمەکەم دەربڕیوە نەوەک ئەم کارەساتە گەورەیە لە تێکۆشان بموەستێنێت. ڕاستە ئەوەی ڕوویدا کارەساتێکی گەورەبوو، بۆشاییەکی بەرین دروست دەکات، بەڵام جگە لە هاندان و پشتیوانییەکانی ئێوە کە وزە م دە داتێ ، لە یەکەم ساتەکانەوە گوێم بەردەوام بەو قسەیەی مستەفای هاوسەرم دەزرنگێتەوە، کە دەیان جار پێی دەگووتم:"چەند سەرسامم بەو هێزەی لە دەروونی تۆدایە، تۆ لە ناو کێشە و کارەساتەکاندا بەهێزتر دەبیت." مستەفا کە هاوکاروانی ژیانم بوو لە نێو زۆر ڕووداو و کێشە و کارەساتدا منی دیبوو چۆن ڕووبەڕوویان دەبمەوە، بۆیە سەرسامانە دەیپرسی: (تۆ ئەم هێزە لەکوێوە دەهێنیت؟). هەموو ئێوەی ئازیز دڵنیا دەکەمەوە کە بیر و قەڵەمی من لە جاران چالاکتر بۆ مرۆڤایەتی و ئاشتی و یەکسانی و دادپەروەری تێدەکۆشێ و شاکاری کچیشم بە خۆشەویستی مرۆڤ و نیشتیمان گۆش دەبێ.
جارێکی تریش لە ناخی دڵمەوە سوپاسی دڵسۆزی و خۆشەویستی و هاوهەستیتان دەکەم، تەنها بەم هەستانە

دەتوانین وڵاتمان و دەروونمان ئاوەدان بکەینەوە.

هەولێر
2007/07/29
mahabad03@hotmail.com